دڵی هەموو نەوەکانی ئادەم لە نێوان دوو پەنجەن لە پەنجەکانی خودای میهرەبان (الرحمان)، وەکو یەک دڵ، بە ویستی خۆی دڵەکان هەڵدەگێڕێتەوە بۆ هەر مەبەستێک بیەوێت

لە عبداللەی کوڕی عەمرو -ڕەزای خوایان لێبێت- دەگێڕێتەوە گوێی لە پێغەمبەری خودا بووە -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «دڵی هەموو نەوەکانی ئادەم لە نێوان دوو پەنجەن لە پەنجەکانی خودای میهرەبان (الرحمان)، وەکو یەک دڵ، بە ویستی خۆی دڵەکان هەڵدەگێڕێتەوە بۆ هەر مەبەستێک بیەوێت» پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «(اللهم مُصَرِّفَ القلوبِ صَرِّفْ قلوبَنا على طاعتك)» واتە: «ئەی ئەو خودایەی کە دڵەکان هەڵدەگێڕیتەوە؛ دڵمان ئاراستە بکە وەهەڵبگێڕەوە بەرەو گوێڕایەڵی کردنت».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە دڵەکانی نەوەکانی ئادەم لە بەینی دوو پەنجەن لە پەنجەکانی خوای میهرەبان؛ وەکو یەك دڵ وبەو شێوەیەی بیەوێت ئاراستەی دەکات، ئەگەر بیەوێت دڵەکە دادەمەزرێنێت لەسەر هەق وڕاستی، وئەگەر بیەوێت لای دەدات لە هەق وڕاستی، وڕکێف کردنی بە هەموو دڵەکان هەروەکو ڕکێف کردنیەتی بە یەك دڵ؛ هیچ شتێك لە شتێکی تر سەرقاڵی ناکات -سبحانه وتعالى-، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نزای کرد وفەرمووی: (اللهم مُصَرِّفَ القلوبِ: ئەی ئەو خودایەی کە دڵەکان ئاڕاستە دەکەیت)؛ جارێك بەرەو پەرستنەکان وجارێك بەرەو سەرپێچیەکان، (صَرِّفْ قلوبَنا على طاعتك: دڵمان ئاراستە بکە وهەڵبگێڕەوە بەرەو گوێڕایەڵی کردنت).

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6331